# گەنج و تاراوگە

عەباس باڵەک
بەرلین

گەنج بریتیە لەستروکتوری هەناوی کۆمەڵگا. گەنج بریتیە لەبنیاتی بنەڕەتی نەتەوە گەنجان داینەمۆو میکانیزمی گۆڕانەکانی ئێستاو بەرپرسیاری داهاتون. گەنجان هەنوکە تێ دەکۆشن بۆئاییندەیەک کەخەونە سەوزەکانیان لەدونیای ریالیتێت دا بدۆزنەوە. شۆرش راپەرینەکانی دونیا گۆڕانکاریەکانی لەمێژینەو نزیکی مێژوو هەر لە سەر دەستی گەنج دا ڕوویان داوەو ڕودەدەن.

گەنجان دەکارن ژیان خۆشتر بکەن ڕێڕەوەکانی بە ئاسانی بگۆڕن دووریەکان باشتر لە هەموو کەس بخوێننەوە. دەکارن نوێ خواز بن و ژیانی نوێ لەوانەوە دەست پێ بکات. . . . . . .

مرۆڤ کاتێک قۆناغی منداڵی بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە لاویەتیەوە پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لەگەڵ دەورو بەرەکەی دا دروست دەکات واتە دەبێتە خاوەنی دوو ژینگە کەیەکێکیان ماڵەوە یەو دوەمیان ڕەوشە کۆمەڵایەتی وسیاسیە کەیە کە لەدەرەوەی ماڵ کاریگەریەتی لەسەر گەنج هەیە. لەزۆربەی وڵاتە دواکەوتووەکان گەنج سوتەمەنی دابو نەریتە بۆماوەکانە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەشێکی زۆری ئەوتوێژە بەش خوراوەی لە خۆگرتوەو زۆرن ئەوکایگەریانەی کە شوێنەواری نێگەتیفیانە لەسەردەرونی گەنج جێ دەهێڵن. لەوانە دەکرێ بگوترێ ئابووری و سیاسە ت و ئاین وکەلتورو ئایدیا بە شێوەجیاوازەکانیەوە کاری گەری خۆی هەیە. ئەو کاریگریەتیەی سیاسەت بە دیوە شێوێنراوەکەی دا لەسەر گەنجی کورد مۆری خۆی جێ هێشتوە. جێگای توێژینەوەو بایەخ پێدانە.

داگیر کردن وچەوسانەوە و قڕتێ خستن هەمەمیشە گیانی بەرەنگاریان لای گەنجی کورد دروست کردوە. ئەو گیانی بەرەنگاربونەوەیە هێندە کاری گەری هەبووە لەسەر گەنجی کورد تا گەیشتۆتە ڕادەیەک لایەنە کانی تری ژیانی فەرامۆش بکات و تەنیا گرنگی بدات بە چۆنیەتی بەرەنگاربونەوە. هەر هەمان کاری گەری و پەیوەندی بەدنیای سیاسەت و حیزبایەتی وای لێ کردوە تەنیا خۆی لەو بوارەدا بدۆزێتەوە لایەنەکانی تری ژیان فەرامۆش بکات.

شەڕی گڵاوی ناوخۆ بەشێوەیەیێکی گشتی لەسەر دەستی دوو جۆر لەگەنج بەرێوە چوو یەکەمیان لەشاخ یان لەشار بەر لە ڕاپەرین ئەندام پێشمەرگەی حزبەکان بوون کە لە خەڵکی شۆرشگێر پێک هاتبون. دوەمیان خەڵکی هەلپەرست و گێرەشێوون کەلە هەڵگیرسانی دا دەوری خۆیان بینی. بەڵام زۆرترین ڕێژەی کوژراو دەستەی یەکەم بوون. . زۆرترین قوربانی خەڵکانێک بوون کە ناخیان بە ڕق و تۆڵە ناواخن کرابوو. . . . ئیتر ئەمە وای کرد بەهەزاران کە س ببێتە سوتەمەنی ئاگرێکی بێ تروسکەو بێ ڕۆشنایی. ئەو شەڕە بوە هۆی ئاوارەکردنی هەزارەها گەنج. ئەگەرچی سوودمەندانی لایەنی مادی شەرەکە بۆهەتا هەتایە دۆڕاوی بارە مەعنەویەکەن. نەک ئەگەر **60**مین دانیشتن سەبارەت بە ئاشتی بکەن بەلکو سەدەمینیش تەواو بکەن ئەوە ئەوان و ئەوەش مێژوو.

ئەو کاری گەریە خراپە بەتەنیا لە بەشداربووانی شەڕ ڕەنگی نەداوەتەوە ئەگەر بێتو چاوێک بە نێو ئەو ئۆردوگایانەدا بگێر یت لە ئەوروپادا کەگەنجان لێی پەنابەرن دەبینیت لەسەردەمی ئەمرۆ ی گلۆبالیزمدا ( ڕێژەیێکی کەمی گەنجان نەبێت کەزوو



www.kurdistannet.org

هەستی بەبەرپرسیاریەتی دوارِۆژیان کردوەو ئێستا لە زانکۆکانی ئەورووپا خوێندکارن یان سەرقاڵی فێربونی پیشەیەکن) . گەنجی کورد چەند بێ ئاگاو لە گوێی گادا نوستوە بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان لە **18** تێپەرِی نەکردووە بەڵکو لەناویاندا هەیە تەنانەت ئەلف و بێ نازانێت و زمانی ئاخاوتنیشی بەکوردییەکی رِێک و پێک نیە. دەبێت زمانی وڵاتە خانەخوێکە چۆن فێرببێت. دەبێت چۆن کەلتوری رِۆژئاوای بۆهەزم بکرێت و لەچ سەکۆییێکی ئەونیشتیمانەی کە تییدا میوانە خۆی بدوزێتەوە. لەکاتێکدا کە خۆی بە کۆمەڵێک هەڵەو ناشارەزاییەوە پێدادەکات. تەنانەت تییاندا هەیە لە پێناو پارەیێکی کەم ئامادەیە هەموو سوکایەتییێک بەخۆی و ناسنامەی نەتەوەکەی بکات.

ئەوەتا لەم رِۆژانە لە رِاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی لەشاری ماگدەبۆرگی ئەڵمانیا لاوێکی کورد لە فلمێکی **15** خولەکی دا بۆ یەکێک لەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی ئەڵمانیا سوکایەتی بەخەلکی سەررِەش دەکات و دەوری مرۆڤێکی سەر خۆش دەبینێت و ئامادە نابێت پارەی کارتی سواربون بدات دەوری کەسێک دەبینێت کە بەرِەش سواری شەمەندەفەری ناوشاردەبێت. گوایە لەم دەورەهۆلیودیەدا تەنیا **300** ئۆیرۆی دراوەتێ. ئایە دەبێت ئەم جۆرە زاتە هەر بەتەنیا ماڵ لە کردەوەکانی بەر پرس بێت یان کەش و هەوای دووەمیش.

سەرگوزشتەی سەیرو سەمەرە زۆرن سەبارەت بەهێندێک لەو گەنجانەی کەلەم دوایانەدا رِویان لەهەندەران کردوە. هەر لە بازرگانی جیا جیای نامۆ بە رِەوشت ودابو نەریتی نەتەوایەتیمانەوە بگرە تا دەگاتە مادە بێ هۆشکەرەکان و تاوانی کوشتن و برِین. جگە لە شەرِە چەقۆی ناوەناوەی حیزبایەتی و گواستنەوەی شەرِی ناو خۆ بۆدەرەوەی وڵات کەئەمەشیان خەمێکی یەکجارگەورەیە. ئەو دیاردە نامۆیانە دووهێڵی ئاراستە جیاواز لە نێوان گەنج ئەو وڵاتە دا دروست دەکەن کەتێیدا دەژیت و لە هیچ هەل مەرجێکدا ناتوانن بە یەکتر ئاشنا بن.

### تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی برِوا بوونمان بە ئازادی دەربرِینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رِێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رِێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15